Der Ehrentag
Für dich. Für uns. Für alle.

# لە "ڕۆژی ڕێزلێنان" بەشدار بن!

## 23ی ئایار ڕۆژی ڕێزلێنانە. بۆ تۆ. بۆ ئێمە. بۆ هەمووان.

**ماوەی چالاکییەکە:**
**16 تا 31ی ئایاری 2026**

"ڕۆژی ڕێزلێنان" (Ehrentag) ڕۆژێکی نوێی بەشدارییکردنە لە سەرانسەری ئەڵمانیادا بەبۆنەی ساڵیادی دەرچوونی دەستووری وڵاتەکەمان (Grundgesetz). ئەم دەسپێشخەرییە لەلایەن سەرۆکی وڵات، **فرانک ڤالتەر شتاینمایەر**، پێشنیار کراوە.

وشەی ئەڵمانی "Ehrentag" دەربڕینێکی دیکەیە بۆ ڕۆژی لەدایکبوون یان ڕۆژی ناونانی کەسێک. لێرەدا، ئاماژەیە بۆ دەستوور و هەروەها پەیوەندی بە چەمکی "شەرەف و ڕێز"یشەوە هەیە: واتە خزمەتکردنی کۆمەڵگە ئەرکێکی ئەخلاقی و جێی شانازییە.

### چ بیرۆکەیەک لە پشت ڕۆژی ڕێزلێنانەوەیە؟

دیموکراسی بەو مرۆڤانەوە دەژی کە بەشداریی تێدا دەکەن. بیرۆکەکە ئەوەیە: بۆ بەرزراگرتنی یادکردنەوەی دەستوورەکەمان، هەموو خەڵکی ئەڵمانیا بۆ چەند کاتژمێرێک پێکەوە کارێک ئەنجام بدەن کە وڵاتەکەمان کەمێک باشتر بکات. پێویستە خۆشی و پێکەوەبوون لە چەقی ئەم چالاکییانەدا بن.

بەو شێوەیە، ڕۆژی ڕێزلێنان مرۆڤەکان بەیەک دەگەیەنێت – بێ گوێدانە تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون و ڕەچەڵەک. کارکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی ئەو هەستەمان لادروست دەکات کە دەتوانین جیهانەکەمان بنیاد بنێین. ئەمە متمانە بە کۆمەڵگە بەهێز دەکات و دیموکراسی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

### بەم شێوەیە هەمووان دەتوانن بەشدار بن

ئێوەش بەشدار بن! بە چەندین شێوازی جیاواز دەتوانن بەشداری بکەن:

ئێوە دەتوانن بەشداری لەو چالاکییانەدا بکەن کە کەسێک لە نزیک ئێوە یان بە شێوەی ئۆنلاین ڕێکی خستووە. زۆربەی چالاکییەکان لە "دۆزەرەوەی چالاکییەکان" (Engagement-Finder) لە ماڵپەڕی **www.ehrentag.de** دەدۆزنەوە. لیستی چالاکییەکان ڕۆژانە ڕوو لە زیادبوونە.

ئێوە هەروەها دەتوانن خۆتان چالاکییەک ڕێکبخەن و لە ماڵپەڕەکە تۆماری بکەن. ئەمە دەکرێت لە هەر کاتێکدا بێت و بە خۆڕاییە.

لەگەڵ دەوروبەرتان قسە بکەن - لە شوێنی کار، لە ڕێکخراو یان لە گەڕەکەکەتان. هەمیشە ویستووتانە چی باشتر بکەن؟ دەتانەوێت پەیوەندی نوێ دروست بکەن؟ دەربارەی زمان، مۆسیقا یان کولتوور زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن؟ دەتوانن خولێکی وەرزشی، هەڵمەتێکی پاککردنەوە، کاتێکی خوێندنەوە یان

ئاهەنگێکی شەقام ڕێکبخەن. تەنانەت ئەگەر چالاکییەکیش کە پێشتر پلانی بۆ دارِژابێت، دەکرێت لەگەڵ ئەم دەستپێشخەرییەدا بگونجێت.

هەر دەسپێشخەرییەک، هەرچەندە بچووکیش بێت، ئەگەر ببێتە هۆی بەهێزکردنی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی، بە گەرمی پێشوازی لێ دەکرێت.

ئینجا خەڵکی تر بانگهێشت بکەن. لە سەر ماڵپەڕی www.ehrentag.de زانیاری بۆ پلاندانان و چەندین نموونەی باش بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی هەن. ئێوەش دەتوانن زانیاریی چالاکییەکەتان بە چەند زمانێک بنووسن. چالاکییەکان پێویستە لە نێوان 16 تا 31ی ئایاری 2026 ئەنجام بدرێن.

## زۆر گرنگە: بەشداریکردن ئارەزوومەندانەیە و با ببێتە مایەی خۆشی بۆتان!

Deutsche Stiftung für Engagement und Ehrenamt

Der Bundespräsident

ڕۆژی ڕێزلێنان دەسپێشخەرییەکی هاوبەشی سەرۆکی فیدراڵ و "دامەزراوەی ئەڵمانی بۆ بەشداری و خۆبەخشی"یە (DSEE).

کاتی نوێکردنەوەی زانیارییەکان: 18ی ئاداری 2026